# حیکمەت هندی: لەسەر ئاریا هیچ هەڕەشەیەکم لێنەکراوە ئەگەر هەڕەشەش بکرێت ملی من زۆر باریکە

**دیمانە: ئاسۆ**



هونەرمەند (حیکمەت هندی) بەدرێژایی چەند دەیەو تا ئێستا شانۆکارێکی دیارو بەرجەستەی مەیدانی هونەری شانۆیی کوردیی بووە، بەم دواییانەش بەڕۆلی (مەلا جوان) بەشداریی لەدرامای تەلەفزیۆنی ئاریا کرد، بۆ قسەو باسکردن لەسەر رۆڵی مەلا جوان و پرسی راگرتنی دراماکەیان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا سازدا. نێوەند: درامای ئاریا بەتەواوەتی راگیرا لەمەدا تەنیا مەلاکان بەرپرسن نین، دەسەڵات خۆیشی ویستی دراماکە رابگرێت، تۆ خۆت چ خوێندنەوەیەکت هەیە؟ حیکمەت هندی: ناتوانم بڵێم دەسەڵات رایگرتووە، ئەو کەسەی کە گەندەڵە ئێمە دەستنیشانمان کردووەو دەسەڵاتیش قەت باوەڕناکەکەم دیفاع لەگەندەڵی بکات، بەڵام رەنگە کۆمەڵێك گەندەڵ هەبن لەمەوزعدابن بۆ راگرتنی ئاریا، دەتوانم بڵێم گەندەڵی دەوری هەیەو مەسەلە دینییەکەش دەوری هەبووە بۆ وەستاندنی درامای ئاریا. نێوەند: مەلاکانو رەوتە ئیسلامییەکان وایدەبینن تۆ ویستووتە پیاوانی ئایینیو مەلاکان سووك بکەیت، ئایا تۆ ویستت هەبووە بۆ کارێکی لەم چەشنە؟ حیکمەت هندی: من قەت نامەوێ تەعن لە پیاوانی ئایینی بدەمو قەتیش تەعنیان لێنادەم، بەڵام تەعن لەو مەلایە دەدەم کە بەناوی دینەوە کاری ناشەرعی دەکاتو ئایین ئیستیغلال دەکات بۆ گەندەڵیو کۆنەپەرستی نێوەند: دەرهێنەری ئاریا لەچاوپێکەوتنێکدا وتی: حیکمەت هندی پیاوێکی بەئایینەو لەکاتی وێنەگرتنی ئاریادا کە مانگی رەمەزان بووە بەرۆژو بووە، ئایا ئەمە وایە؟

حیکمەت هندی: بەڵێ راستە، من موتەدەیینمو ئیمانی رەهام بەخوا هەیەو نوێژ دەکەمو رۆژو دەگرم، من پێتان دەڵێم ئەوانەی دەڵێن حاڵێك یان حسابێك بە قەدەر ئەوان زیاتر دینم خۆشدەوێ، بە قەدەر ئەوان زیاتریش ئیمانم پێیەتیو لەوانیش زیاتر پێوەی پەیوەستم. نێوەند: هەندێك کەس لەئاستی نارەسمیدا دەڵێن لەسەر بینینی رۆڵی مەلا جوان هەڕەشەت لێکراوە، ئایا هیچ هەڕەشەیەکت لێکراوە؟ حیکمەت هندی: هیچ هەڕەشەیەك لەمن نەکراوە، ئەگەر هەڕەشەش بکرێت، ملی من زۆر باریکە. بروا بکەن لەوانەیە بەزللەیەك لەناوبچم، کاتی خۆی ساڵی 1983 کە گیرابووم لە ئەمنی سلێمانی برام بۆ بەغداد، ئازایەتییەکەی من لەوەدا بوو یەکەم شەق کە لێیانەدەدام دەبوورامەوەو ئاگام لەخۆم نەدەماو پاش سێ چوار سەعات دەهاتمەوە هۆشی خۆم، قەیناکە ئەوە دیاریی ئەوانبوو، با ئەم هەڕەشەو شتانەش



بەڵام هەتا ئەم لەحزەیەش هیچ هەڕەشەیەکم نەبیستووەو خۆشم نەشاردۆتەوە چونکە من لە رەبولعالەمین نەبێت لەهیچ کەسی تر ناترسم. نێوەند: زۆر کارکرا بۆ دژایەتیکردنی راگرتنی ئاریا بەڵام تۆ هیچ دەنگێکت نەبوو، بێدەنگی تۆ وای نیشاندا کە خۆت شاردبێتەوە، دەپرسم بۆچی ئەم ماوەیە دیار نەبوویت؟ حیکمەت هندی: من لەرۆژی 5/25 وە چووم بۆ کۆنترۆڵی تاقیکردنەوەکانی ئامادەیی، مانای وایە ئاگام لە نمایشی ئاریا نەبوو، 45-46 رۆژ لە هەولێر مامەوە لەکۆنترۆڵ، تا ئەوەی رۆژی 7/11 هاتوومەتەوە بۆسلێمانی، بەڵام من لەبەرنامەیەکی دووسەعاتیدا لەگەڵ TV زەحمەتکێشان گۆرانی خۆمم چڕیو قسەی خۆمم کرد، واملێهات من دیفاعم لە هەندێ حاڵەتی خەڵك دەکرد، بەڵام خۆم نەشاردۆتەوەو خۆشم ناشارمەوە، تا سەر ئێسقان لەگەڵ ئەو برادەرانەشدامو من لەوان جیانیم.

نێوەند: هەڵوێستی ئێوە وەك هونەرمەندانی بەشدار بووی ئاریا دەربارەی راگرتنی دراماکەتان لە کەناڵی کوردساتەوە چی بوو؟ حیکمەت هندی: خۆی ئەگەر کەناڵی کورسات بیویستایە رایبگرێت هەر لەسەرەتاوە لێی نەدەدا، بەڵام لێرە وادەردەکەوێت وەك رێزگرتن لەدین ئەم شتە راگیرابێت، ئەگینا کورسات تەمویلو هاوکاریی نەدەکرد، ئەم بەرهەمەش بەرهەمی کوردسات خۆیەتی. نێوەند: ئاریا کە دوای پێنج ئەڵقە راگیرا پێتوانییە لەژێر گوشاری ئایینو مەلاکاندا بوو بێت؟ حیکمەت هندی: هەڵبەتە ئەو شتە وایەو داخوازیی ئەوانی لەسەر بووە بۆیە راگیراوە، ئەو مەلایانەشی هەوڵیاندا ئەم درامایە رابگرن با چاوەڕێ بوونایە (الا الله) کەمان تەواو بکردایە ئەوجا لەملیان بداینایە، بادراماکە هەمووی لێ بدرایە ئەوسا قسەی خۆیان بکردایە. خۆ ئێمە لەوڵاتێکدانین هەمووی پۆلیسو ئیستخبارات بێت، لەوڵاتێکداین ئازادیی رۆژنامەوانی هەیەو سەدان رۆژنامە دەردەچنو دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆییو فەزایی هەیە دەیانتوانی قسە بکەن، بەڵام مەلاکان بۆچی دژی ئەوانە قسەناکەن کە دژی کورد قسە دەکەن؟ بۆچی بۆ شتێکی ئێمە کە دژی گەندەڵی دەدوێینو دژی ئەوەین تیرۆریست لەکوردستاندا بێ قسە دەکەن، ئەو کەسەی ئەوەی پێناخۆشە بڕوا بکە هاوبەشیانەو لەگەڵیاندایە. نێوەند: تۆ چۆن دەوری مەلا جوانت وەگرت، ئایا بەویستی خۆت بوو یان ویستی دەرهێنەر؟ حیکمەت هندی: دەرهێنەر وتی ئەو دەورە بۆ تۆیە، من کە خوێندمەوە زانیم کە ئەمە کابرایەکی پیاو کوژەو بەرگی پیرۆزی ئایینی کردۆتە بەری بۆ ئەوەی خەڵکە هەژارەکە چەواشە بکات بەناوی دینەوە، ئەو شەخسیەتە کەسێك بوو لەدەرەوەی ئاریاوە هاتبوو مەلایەکی راستەقینەی کوشتو خۆی چووە جێگەکەی. نێوەند: ئایا پەشیمان نیت لەو رۆڵەی لەدرامای ئاریادا بینیت؟

حیکمەت هندی: ئێستاش ئەگەر رۆڵێکی ئاوها هەبێت هەر دەیبینمو تاسەر ئێسقانیش لەگەڵیدام، چونکە خەڵك لێی تێنەگەیشتووە لەو شەخسیەتە کە چۆنە، چونکە من شەخسیەتی مەلایەکی موزەیەفم ئەداکردووە، نەك مەلایەکی پاکی ئیمانداری راستەقینە، ئەو کەسەشی دیفاع لەمەلای گەندەڵ بکات وەك ئەوان گەندەڵە. نێوەند: چی بەو خەڵکە دواکەوتووو نەزانانە دەڵێیت کە دیعایەی ئەوەت بۆ دەکەن تۆ نێرەمووکیت؟ حیکمەت هندی: ئەو برادەری کەوا دەڵێت دەبێت لەدایكو خوشکی بپرسێت یان لە نەنکیو پوری، ئەوان دەزانن نێرە مووکم یان نا! هەڵبەتە لەوانەوە ئەوەی زانیوە، ئەگەر ئەویش دەیەوێت تەجروبەی بکات مانعم نییەو من ئامادەم

## ئێستاش ئەگەر رۆڵێکی تری وەك ئەوەی (مەلا جوان) هەبێت هەر دەیبینم و تا سەرئێسقان لەگەڵیدام



ديمەنێك لە درامای ئاريا

. نێوەند: ئەگەر دەرهێنەرێکی تر داوات لێبکات دەوری مەلایەکی هاوشێوەی مەلا جوان ببینیت ئایا ئامادەیت بۆ بینینی ئەو رۆڵە؟. حیکمەت هندی: ئەم پرسیارە زۆر سەیرە، من کە ئەکتەربووم هەرچ رۆڵێك غەیری

مەلاو مەلاو ئەولای مەلاش بێت کە بزانم کۆمەڵگەکەم رۆشن دەکاتەوە ئامادەم بیبینم، ئەگەر

ئاوها بێتو بۆ چاكسازیی من ئامادەم پەنجا دەوری تر ببینم. نێوەند: هیچ ناترسیت مەبەستم ئەوەیە لەژیانی خۆت ناترسیت كە بكەوێتە مەترسییەوە؟ حیكمەت هندی: مامەگیان ئەگەر من ترسام مانای وایە هونەرمەند نیمو درۆ دەكەم لەگەڵ خەڵك، هەروەك چۆن تۆ كە رۆژنامەنوسێكی ئەگەر بترسیت دەبێت قەڵەمەكەت بشكێنیت، بەڵام بڕوا بكە هیچ ناترسم. نێوەند: هەڵوێستی تۆ چییە بەرامبەر بەو نووسەرو رۆژنامە نووسانەی پشتیوانیان لەئاریا كرد؟ حیكمەت هندی: ئەوە بۆ چوونێكی جوان بوو، ئەمڕۆ لەمنە سبەینێ لەوانەو دووسبەی لەكۆمەڵێكی ترە، ئەمە وەك گای سپیو قاوەییو رەش وایە، ئەمڕۆ گای سپیان خوارد، سبەینێ گای قاوەیی دەخۆن، تاوایلێدێت هەمووی كۆنترۆڵ دەكەنو كڵاو دەخەنە سەر هەموویان. لەبەر ئەوە ئەوانەی كە دیفاعیان لەمن كردووە دیفاعیان كردووە لە قەڵەمەكانی خۆیان چونكە رۆژنامەنووس لە هەموو كەس پاكترەو بۆ پاكی دەنووسێ.

asoahmad2004@yahoo.com